# چالاکی ئۆفیسەکانی سەنتەری گەشە پێدانی چالاکی لاوان

ئۆفیسی کفری

## یەکەمی یانەکانی سلێمانی بەدەستدەهێنێت لە یاری کیکبۆکسینگدا



*لە چوارچێوەی چالاکییە بەردەوامەکانیدا تیپی کیك بۆکسینگی سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان ئۆفیسی کفری خولێکی بۆ لاوانی شاری کفری کردۆتەوە کە ژمارەیەك لە لاوانی ناوچەکە بەشداریان تێیدا کردووەو خولەکە درێژەی هەیە .

* سێ یاریزانی تیپی کیك بۆکسینی ئۆفیسی کفری YADCبەشداریان کردووە لە پاڵەوانێتی یانەکانی سلێمانی و دەووروبەری و پاش ئەنجامدانی یاریەکی نمونەیی یەکێك لە یاریزانەکانی ئۆفیسی کفری توانی پلەی یەکەم بە دەست بهێنێت .

*بەهاوکاری بەشی وەرزشی ئۆفیسی کەلار ببەشی وەرزشی ئۆفیسی کفری هەستا بە کردنەەی خولێکی ڕاهێنان بۆ یاری کیك بۆکسینگ بۆ ژمارەیەك لە لاوانی شاری کەلار و خولەکە بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهێنرا .

*کردنەوەی خولێکی بڕین و دورومان بۆ کچان کە ژمارەیەك لە لاوانی ناوچەکە بەشداریان کردووە و خولەکە بەسەرکەوتویی کۆتایی پێهات و سەرەرای سوودمەندبوونی بەشداربوان بەڵگەنامەی بەشداریکردنیان پێدراوە .

ئۆفیسی دەربەندیخان

## بەشداری چەندین وۆرك شۆپی NDI دەکات

*بەشداری لە سازدانی سیمینارێك کە بەڕێز قائیمقامی دەربەندیخان ئامادە بوو لەسەر کێشەی کەنجان لەئەنجامی پرۆژەیەکی یەك مانگی کەنجان لەدەربەندیخانی کە ڕێکخراوی N.P.Aئامادەی کردبوو .

*بەشی خولەکانی سەنتەر هەستاوە بە کردنەوەی خولی فێر بونی کۆمپیوتەر بۆ لاوان بۆ بەرنامەکانی ( وۆرد و ئێکسل و ئێکسس ) کە ( ٨٩) فێرخوازی لاو بەهەردوو ڕەگەزەوە سود مەند بوون لە کۆرسەکاندا و بەسەرکەوتویی کۆتایی پێهێنراوەو بڕوانامەی بەشداریکردن دراوەتە بەشداربوانی کۆرسەکان .

*کردنەوەی خولێکی فێربونی زمانی ئینگلیزی بەرنامەی Headway Elementary لە بۆ لاوان ( ٢٠) لاولە هەردوو ڕەگەزەوە و هەروەها کردنەوەی بەرنامەی Lets Goبۆ منداڵان بۆ ژمارەیەك لە منالآنی شارەکەو دوا ببەدوای کۆتایی هاتن بە کۆرسەکان بڕوانامە بەشداربوون دراوەتە منالە بەشداربووەکان



*بەشداری کردن لە (٦) شەش وۆرك شۆپ کە ڕێکخراوی ( D.H.R.D ) کە بەهاوکاری ( N.D.I ) سازیان کرد بۆ ڕێکخراوە مەدەنیەکان و گەنجانی شاری دەربەندیخان

*بەشداری کردن لە کۆڕێکی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری گەرمیان بۆ بەڕێز ( م . ڕێبوار محمد ) بە ناونیشانی ئایندەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ... بەرەو کوێ ؟ .

ئۆفیسی هەڵەبجەی تازە

## بۆ یەکەمین جار لە ناوچەکەدا پرۆژەی هاوڕێیانی کتێب دەکاتەوە

* بەشی ڕووناکبیری و ڕاگەیاندن بەهاوبەشی ڕێکخراوەکانی نێو ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ڕێکخراوەکانی سنوورەکە، هەستاوە بە سازدانی سێ ئێوارە کۆڕی ڕۆشنبیری بۆ بەڕێزان (ناسکە تۆفیق، ڕەئوف ڕەباتی، د.خالید محەمەد صالح) لەسەر بابەتەکانی (خۆسووتاندنی ئافرەتان، دەستووری هەرێمی کوردستان، کۆمەڵگەی مەدەنیو ڕێکخراوە جەماوەرییەکان) کە تیایدا ڕۆژانە ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆشنبیرانو گەنجانو خەڵکی ناوچەکە تیایدا بەشداربوونو لە هۆڵی خوێندنگەی زەڵمی کچان ، بەوتووێژێکی گەرم و گوری نیٚ،ان بەشداربووان و کۆڕگێرەکان کۆڕەکان بە سەرکەوتوویی کۆتاییان پێهاتووە .

*کردنەوەی دوو خولی دروومان بە بەشداری زیاد لە ٤٠ ئافرەت و دوابەدوای کۆتایهێنان بە خولەکە لە ئاهەنگێکدا بڕوانامەی بەشداریکردن دراوەتە بەشدار بوانی کۆرسەکە ..

*کۆرسی فێربوونی کۆمپیوتەر بۆ بەرنامەکانی (وۆرد، ئێکسڵ، فۆتۆشۆپ) بە بەشداری ٣٣ لاو.

*بەخشینی ژمارەیەك نامیلکە لەسەر کاری ڕێکخراوەیی بە کۆمەڵێك گەنجو ڕۆژنامەنووسی .

*پێکهێنانی پرۆژەیەك بەناوی پرۆژەی هاوڕێیانی کتێب کە بۆ یەکەمین جارە، لە سنوورەکە ئەکرێتەوە، کە تایبەتە بە برەودان بە بواری خوێندنەوەو تائێستا ژمارەیەکی زۆر لە گەنجو خوێنەران تیایدا بەشدارن.

## ئۆفیسی قەڵادزی

* پێشوازیکردن لە بەڕێز م.ئەمجەد محەمەد بەرپرسی سەنتەری گەشەپێدانی چالاکیی لاوانو وەفدی یاوەری کە بە مەبەستی بەسەرکردنەوەو لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕەوشی کارەکان سەردانی ئۆفیسی قەڵادزێی کردبوو کە لە دیدارەکەدا تیشك خرایە سەرکارو چالاکیەکانی ئۆفیسی قەڵادزێ و ئاماژە بەو بوارانە کرا کە سەنتەر لە خزمەتکردنی زیاتری لاواندا ئەنجامیان دەدات ، ئەمەو لەلایەن وەفدە بەڕێزەکەوە کارو چالاکییەکانی سەنتەری قەڵادزێ نرخێنرا .

*بەمەبەستی دەرخستنی کارو چالاکییەکانی سەنتەرو ئەو خزمەتانەی کە بەلاوانی ناوچەکە کراوەو قسەکردن لەسەر ڕۆڵی سەنتەرەکانی لاوان بەرپرسی ئۆفیسی قەڵادزێ بەشداریکردووە لە بەرنامەیەکلی تەلە فزیۆنیدا بەشداری لە بەرنامەی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆنی لەسەر کارو چالاکییەکانی سەنتەرەکان.

* نوێنەری ئۆفیس بەشداریکردووە لە کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی ڕێکخراوەکانی سنورەکە بە مەبەستی قسەو باسکردن لەسەر داواکارییەکانی هاوڵاتیانی ناوچەکە بەگشتی و لاوان بە تایبەتی و ئەو داواکارییانەی کە پێویستە بۆ ناوچەکە ئەنجام بدرێت لەلایەن حکومەتەوە .

* بەشداری لە گفتوگۆیەکی کراوە لە فەرهەنگخانەی قەڵادزێ کە بۆ قسەکردن لەسەر کێشەکانی گەنجان سازکرابوون هەریەك لە بەرپرسی لقی ١١و مەڵبەندی ٢٤ی پشدەرو قایمقامو سەرۆکی شارەوانیو خاتوو سارا ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئامادەبوون.

*کردنەوەی خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ ئاستی سەرەتایی کە نزیکەی ٤٠ قوتابی کوڕو کچ بەشدارە تیایدا و هەروەها کردنەوەی خولێکی فێر بوونی زمانی فارسی بۆ ژمارەیەك لە لاوانی ناوچەکە ..

* دەستپێکردنی دوو کۆرسی تایبەت بە فێربوونی کۆمپیوتەر کە ٣٠ لاو لە هەردوو ڕەگەزەکە بەشداریان تیایدا کردووەو دواتر بڕوانامە دراوەتە بەشداربووان .

*لە درێژەی کۆرسەتایبەتەکان بۆ خانمان دەستپێکردنی خولێکی دیکەی دروومان کە نزیکەی ٤٠ کەس بەشداریان کردوە و جێگای سوودی بەشداربوان بووەو لە کۆتایدا و لە میانەی ئاهەنگێکدا بڕوانامەی بەشداربون دراوەتە خانمان.

*بەشی ڕوناکبیری و ڕاگەیاندن ی موحازەرەیەکی لەسەر بەشی دووەمی سیاسەت لە چوارچێوەی کۆرسی ڕۆشنبیرییدا پێشکەشکردووە کە ژمارەیەکی بەرچاوی لاوان بەشداری کۆرسەکەیان کردووە .

* ئامادەبوون لە کاتی نمایشکردنی پێنج کورتە فیلم کە بەشی سینەمای فەرهەنگخانەی قەڵادزێ ئامادەی کردبوون بەناوی (هاوار، سەتەلایت، بەرەو دیموکراسی، کۆتایی جەنگ، تیرۆریستێك دادەبەزێت).

ئۆفیسی سلێمانی

## لە ئێوارە کۆڕێکیدا روحەکان دەژەنێت

*کردنەوەی کۆرسێکی ڕاگەیاندن لەبەرواری ٣٠/٦/٢٠٠٧ بۆ ١٩/٧/٢٠٠٧ کە تیایدا چەندین مامۆستای پسپۆڕ وانەیان تێدا ووتەوە لەوانە (م هەڤاڵ ئەبوبەکر، ئەحمەد میرە ، یاسین عمر ،گۆران عباس ،هیوا سێوەنگی ،نەبەزهەورامی ،عزیز ئالانی ،عادل شاسواری) کەبەم بابەتانە بەشداریان کرد ( ڕاگەیاندن لە سەردەمی عەولەمەدا ،زمانی ڕۆژنامەنوسی ،میژوی ڕۆژنامەنوسی کوردی قۆناغ و وێستگەکانی ، چاوپێکەوتن ،ئینساتی هەواڵ و دارشتنەوەی ،یاسای ڕۆژنامەنوسی ،ڕاگەیاندن لەکاتی هەڵبژاردندا ، سایکۆلۆژیاو ڕاگەیاندن ) شایانی وتنە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئارەزومەندان بەشداریان تێدا کردوو بەڕاپرسیەك لەسەر کۆرسەکە کۆتایی پێهات .

*کنەوەی چەند کۆرسێکی زمانی ئینگلیزی بۆ ئاستەکانی (ئینتەرمیدیەت ،پری ئینتەر میدیەت ،ئیلیمێنتەری ،بیگنەر ) کەزیاتر لە ١٣٠ فێرخواز بەشداریان تێداکردووە.

*کردنەوەی کۆرسی دووەمی مۆسیقا بۆ ژمارەیەك لاوی کوڕو کچ بەسەرپەرشتی مامۆستا (جەمال سابیر).

*ئەنجامدانی کۆڕێك بۆ بەڕێز ( عومەر محەمەد ) لەژێر ناونیشانی (کێشە دەرونیەکانی لاوان لەنێوان ئاستەنگ و چارەسەردا )لە بەرواری ١١/٧/٢٠٠٧ کە ڕێژەیەکی بەرچاو لە لاوان ئامادەبون بە مداخەلەو پرسیارەکانیان کۆڕەکەیان زیاتر دەوڵەمەند کرد .

* لە ژێر ناونیشانی( ئێوارەیەك بۆ ژەنینی ڕوح ) بەشی ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری سەنتەرەکەمان هەستا بە سازدانی ئێوارەیەکی تایبەت بە میوزیك ن بەبەشداری میوزیك ژەنان (عبداللە امین ، دانامحیالدین ، تانگۆ ئازاد) لە بەرواری ١٨/٧/٢٠٠٧ شایانی باسە شایانی باسە ئەم ئێوارە تایبەتە بەچەند پارچە مۆسیقایەکی جوان بەڕێوەچو کە جێگەی سەرنجی ئامادەبووان بوو . *کردنەوەی دوکۆرسی زمانی فارسی بۆ ئاستی سەرەتاو پێشکەوتوو کە تیایدا ٣٦ لاو بەشداریان تێدا کردووە .

* کردنەوەی دوو کۆرسی زمانی عەرەبی بۆ ئاستی سەرەتاو پێشکەوتوو ٣٨ لاو بەشداریان تێدا کردووە .

*کردنەوەی سێ کۆرسی کۆمپیوتەر بۆ بەرنامەکانی وۆرد ،ئێکسڵ) کە ٣٣لاو بەشداریان تێدا کردوو.

ئۆفیسی بازیان

## لە هەنگاوێکی نوێیدا گروپی وێستگەکان دروست دەکات

*سازدانی کۆڕێك بۆ بەڕێز (سیروان عەبدولصەمەد) بە ناونیشانی (خۆشەویستیو هیوایەك بۆ ژیان) لە بینای سەنتەر.

*پێکهێنانی گروپێك بەناوی (وێستگەکان) کە لەلایەن لاوی بەهرەمەند (محەمەد شاد) ئامادە دەکرێ ئەم گروپە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەروونیو هەنگاونان بەرەو بەختەوەریو ئارامی دەروون هەموو هەفتەیەك جارێك دانیشتنی خۆیان ئەنجام دەدەن، تایبەتە کچان.

بەشداری نوێنەری سەنتەرەکەمان لە ۆرك شۆپێك کە کەرتی بازیانی یەکێتی ژنان سازیاندا، لە بینای قوتابخانەی ڕاستگۆ، تایبەت بوو بە (توندوتیژی دژی ژنان) ئەم ۆرك شۆپە سێ ڕۆژی خایاندو لەهەر ڕۆژێکدا کەسایەتییەکی ژن باسیان لە توندوتیژی دژی ژنان کرد لەلایەنی (دەروونی، یاسایی، کۆمەڵایەتی)یەوە. شایانی باسە نوێنەری سەنتەرەکەمان چالاکانە بەشدارییان کردو بە پرسیارو ڕوونکردنەوەو سەرنج ۆرك شۆپەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

## ئۆفیسی چەمچەماڵ

*کردنەوەی خولی دووەمی لاوانی دواڕۆژ بەبەشداری زیاتر لە (٨٠)لاوی دەفەرەکە بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردن بەبەهرەکانیان و بەسەربردنی پشوهاوین بە بەکاری بەسودەوە و دواتریش بەشی حولەکان هەستاوە بەکۆکردنەوەی دایك و باوکی لاوانی دواڕۆژ کە پێك هاتبو لە ٤٠ دایك وباوکی لاوانی دواڕۆژ بەمەبەستی ئاگادربون لە چونایەتی هەڵسوکەوتی لاوەکانیان و پەروەردەکردنێکی دروست .

*کردنەوەی خولێکی تێنس و دانانی دیاری وکاسی سەرکەوتن بۆیەکەم و سەرپریشتاری ی دەورەکە کە زیاتر لە ١٤ لاوی ناوچەکە بشداربون تێیدا بەمەبەستی خزمەت کردنی زیاتر بە باهرەو حەزەکانی لاوان ،

*دانیشتنی بەردەوامی ستافی گوڵەکان بەمەبەستی دەرکردنی ژمارەی نوێ و بەرەودانی زیاتر بەگۆڤارەکە کەهەموهەفتەیەك ٤٥ نوسەر

## ئۆفیسی خورماڵ



* بەشی روناکبیری و راگەیاندن کۆڕێکی بۆ بەرێز ( سەلمان نادر) سازکرد لە ژێر ناونیشانی ( ڕیفۆرمی ئاینی لە نیٚ،ان نەیارو لایەنگرانیدا .. ئیسلام وەك نمونە ) کە ژمارەیەکی بەرچاو لەلاوان و رۆشنبیرانی ناوچەکە ئامادەی بوون و بە گفتوگۆیەکی گەرم کۆرەکە کۆتایی پێهات . جێگای باسە ئەم لێکۆڵینەوەیە پلەی یەکەمی ڤیستیڤاڵی گوڵعەنبەری بەدەستهێناوە کە ڤیستیڤاڵێکی سالآنەیەو ئۆفیسی خورماڵی YADC سالآنە ئەنجامی دەدات .

* هەر لە درێژەی ئێوارە کۆرەکانی ئۆفیسی خورماڵ ئەم کۆڕانە ئەنجامدراون ( ئێوارەیەکی شیعر خوێندنەوە بۆ راستگۆ خورماڵی ) ( ڕۆڵی گەنج لە پرۆسەی دیموکراتیزەکردندا بۆ مامۆستا والی خالید ) ( ژیان و ئەندێشەی مردن بۆ راستگۆ خورماڵی ) ئەمەو لە سەرجەم کۆڕەکاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە لاوانی ناوچەکە ئامادە بوون .

* کردنەوەی خولێکی تۆپی پێ ی بچوك لە لایەن بەشی وەرزشی ئۆفیسەوە بۆ سەنتەرو ڕێکخراوەکانی خورماڵ کە حەوت تیپ بەشداریان تێدا کردوە ،

* ئەنجامدانی چەندین یاری دۆستانەی تۆپی سەرمێز لە گەڵ یانەی وەرزشی خورماڵدا بە بەشداریکردنی دە یاریزان لە هەرلایەك و ئەنجامەکەشی بەسەرکەوتنی ئۆفیسی خورماڵ لە زۆربەی یاریەکاندا کۆتایی پێهاتووە .

* دوا بەدوای کۆتایی هانی کۆرسی یەکەمی تایبەت بە منالآن کە لە لایەن پرۆژەی لاوانی دوا ڕۆژی سەنتەرەوە بۆ منالآنی ناوچەکە کراوەتەوە ئاهەنگێك بۆ منالە بەشداربووەکان ئەنجامدراوە کە تێیدا سەرەرای وەرگرتنی بەڵ"ە نامەی بەشداربوون لە لایەن منالآنەوە چەندین بابەتی هونەری لەلایەن منالآنەوە پێشکەشکرا .

* لە درێژەی کۆرسەجۆراوجۆرەکانی ئۆفیسی خورماڵی YADC کۆرسێکی فێر بوونی کۆمپیۆتەر بۆ بەرنامەکانی وۆردو ئەکسڵ ) کراوەتەوە بۆ ژمارەیەك لە لاوانی خورماڵ

ئۆفیسی کەلار

## چەمکی خۆشەویستی لە پرۆژەی لەگەڵ لاواندا تاوتوێدەکات

*بەردەوزامبونی پرۆژەی لەگەڵ لاواندا کە لە میانەی چوار کۆرسدا (چەمکی خۆشەویستی) لە لایەن بەڕێز (قانیع خورشید )وە قسەو باسی لەسەرکراو لە چوارچێوەی (لێکدانەوەی خۆشەویستی و ئاشناکردنەوەی لاوانو چۆنێتی تێگەیشتنی دروست لەو بابەتە) جێگەی باسە لە هەر چوار کۆرسەکەدا ٥٤ لاو بەشدارییان کردووە.

*ئەنجامـدانی سێ پـرۆژەی (لاوو یاسا) بـە سەرپەرشتی پارێزەر (گۆران عەلی) کە زیاتر تیشك دەخاتە سەر ئەو یاسایانەی کە لاو دەتوانێت لێی سودمەند بێت.

*کردنـەوەی دوو کۆرسـی تایبـەت بـە زمانـی ئینگلیزی کە نزیکەی ٥٠ لاو بەشدارییان کردووە

*کردنـەوەی خولێکـی فێربوونـی درووماـن بـۆ کـچان بـە بەشـداری ٢٠ لاوو خولەکـە بـە سـەرکەوتوویی کۆتـایی پێهـاتووەو بڕوانامـەی بەشداربوونیان دراوەتێ.